

## ئۆردوخانی جەلیل:

# بۆ پاراستنی فۆنەتیکی کوردی پێشنیاری پیتی لاتینی دەکەم

**ئۆردوخانی جەلیل کوڕی نووسەری ناوداری گەلەکەمان جاسمێ جەلیلە و لە ماڵباتێکی دیاری کوردانی ڕووسیان و بنەماڵەکەیان خزمەتێکی بەرچاوی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردییان کردووە، جاسمێ جەلیل یەکەم بەڕێوەبەری بەشی کوردی ڕادیۆی یەریڤان بووە، پرۆفیسۆر دکتۆر ئۆردوخانی جەلیل خاوەنی چەندین کتێب و نووسینی دەگمەنە لەسەر کێشەی کورد و چاند و ڕۆشنبیری کوردی.**

**خوێندەوارێکی بە ئاگای کورد نییە ناوەکانی (جاسمێ جەلیل و ئۆردوخانی جەلیل و جەمیلە جەلیل و جەلیلی جەلیل) نەناسێت و ئاشنای نووسینەکانیان نەبێت.**

**ئەو مرۆڤە مەزنە تژییە لە کوردێنی و دڵی پڕ لە هیوای ئازادی و خەونی ئەو پێشڤەچوونی زیاتری دۆزی گەلەکەیەتی لە گشت پارچەکاندا بە گشتی و لە باشووردا بەتایبەتی. لە درەنگ شەوێکی دەمەو پاییزی کوردستاندا لە پیرمامی هەمیشە گەنجدا ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەو مرۆڤە زانایە سازدا.**

**هەڤپەیڤین: نامق هەورامی**

*** بارودۆخی کـــــــوردان لە ڕووسیادا چۆنە؟**

– بەر لەوەی باسی بار و ژیانی کوردان لە ڕووسیادا بکەین پێویستە ساتێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت و لەوێوە تەماشای ژیانی کوردان بکەین، وەک دەزانن کورد لە ئەرمەنستان و جۆرجیا و قازاغستان و قیرغستان دەژیان، ئەو کوردانەی ساڵی ١٩٣٧ لە وڵاتی خۆیان دەربەدەر کران لە ئەرمەنستان بۆ سەر سنووری ئازەربێجان و ئەرمەنستان. کورد لە تورکمەنستانیش هەبوون، لەوێ کوردەکان کوردی شیعەن و بەشێکن لە کوردەکانی خۆراسان و قووچان، ژمارەیان نەزانراوە چونکە هەندێکیان کوردن و خۆیان بە کورد نەناسیوە یان ژمارەیان کەمە.

ئەوانە بە کوردی دەخاڤن و کاتی خۆی زۆر پشتیوانی سۆڤیەتیان دەکرد و لە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکمانستاندا، کورد هەبوون ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو و لەو سەردەمەدا ٢-٣ کتێب لەوێ دەرچووە بە زمانی کوردی و بۆ فێربوونی ئەلف بای کوردی، بەڵام دواتر کوردەکانی تورکمەنستان لەناو تورکاندا توانەوە و ئێستا زۆر کەمن لە قازاغستان و قیرغستانیش کورد هەن و خۆیان بە شانازییەوە بە کورد دەزانن، ساڵی ١٩٧٣ من چوومە لایان بۆ کۆکردنەوەی فۆلکلۆر ئەوان وێنەی خوێندەوارە کوردەکانیان نیشاندام کە لە زانکۆدا دەخوێنن لە شاری (فروزێ) و لەو سەردەمەدا داوایان دابوویە حکوومەت کە بە فەرمی کوردی بوونی ئەوان بناسێت.


جاسمی جەلیل و فەیزۆبەگ لە گوندی (شەمیران) لە ئەرمەنستان ١٩٦١

کوردەکانی ئەوێ، ئەمڕۆ بە کوردی دەئاخڤن و جلوبەرگی

کوردی دەپۆشن و دابونەریتی میللی کوردانەیان هەیە. کۆمەڵەیەکیان دامەزراندووە بەناوی (کۆمەڵەی کوردستان) (نادرۆڤ) خەڵکی ئەوێیە لە بواری زانستی نەوتدا پلەیەکی باڵای هەیە، کوردەکانی ئەوێ کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار چاپ دەکەن بە زمانی کوردی.

لە قەوقاس کوردەکانی ئەوێش چالاکن و ئەوانەی سەردەمی کۆماری کوردستانی سورن کە لە نێوان قەرەباخ و ئەرمەنستاندان لە شارەکانی (کلبەجار، لاچین، قوبەرلێ) ئەوان لە ساڵی ١٩٣٠دا ڕۆژنامەی کوردییان هەبووە بەناوی (کوردستانی سوور).

ساڵی ١٩٣١ کتێبێک لەوێ چاپ کراوە بەناوی (کوردەکانی ئازەربایجان) کە بە وردی لە ژیان و ژمارە و هۆز و..هتدی کوردەکانی ئازەربایجان باس دەکات.

گەلێ شاعیر و نووسەری زۆر گەورە هەبوون کە ئەسڵیان کورد بووە و نکۆڵییان لە کودربوونی خۆیان نەکردووە، زستانی ساڵی ١٩٥٩ هەژاری مەزن هاتە ڕووسیا بۆ چارەسەر هەر لەو ماوەیەدا دیوانێکی هەژار وەرگێڕدرابوویە سەر زمانی ئازەری و چاپکرابوو بۆیە لە (باکۆ) داوەت کرا بۆ ڕێزلێنان، من هاتمە لای هەژار لەوێ بۆنەکە سازکرا و پاش خواردن و خواردنەوە زۆرێک لە شاعیرانی مەزنی ئەوێ هاتنە لای هەژار و گوتیان ئێمەش بنەچەمان کوردە، دیارە ئەم هەستەش لای ئەوانە کاتێک دروست بوو کە مەلا مستەفای بارزانی و هەڤاڵەکانی هاتنە سۆڤییەت و دەنگدانەوەی گەڕانەوەی بارزانیش پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و پێشوازیکردنی لەلایەن قاسمەوە لە میدیای ڕووسیدا



ڕەنگی دایەوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی درکاندنی ئەو هەستە بوو لای کوردەکانی سۆڤییەت و ئێستاش لەوێ (ئەهمەدێ هەپۆ) ڕادیۆی کوردی هەیە و بە کوردی بەرنامە پەخش دەکات لە (باکۆ) ژمارەیەک کتێبیش بە کوردی چاپکراون.

لە ئەرمەنستانیش کوردەکان ئەوانەن ساڵی ١٩١٤-١٩١٨ لە تورکیاوە هاتبوونە ئەرمەنستان بەهۆی قڕکردنی ئەرمەنەکانەوە لە ئەرمەنستانیش پێش ئەو هاتنەی کورد لە تورکیاوە کورد لەوێ هەبوون بەپێی بەڵگەکان لە سەدەی دەیەمدا کورد لە ئەرمەنستان هەبوون، (چۆمی سێوان) کە پێشتر ناوی (گوگچە) بووە کە گوندێکە و لەوێ


عەگیدی جمۆ


نوراگید پۆڵا تیبگۆ


جاسمی جەلیل

(دێر)ێکی مەسیحی هەیە کە چوار دەرگای هەیە یەکێک لە دەرگاکان لە سەری نووسراوە (دیاری کوردەکانی تۆران) بۆ دێرەکە دیارە ئەم دەرگایە نە لە مێردین و نە لە دیاربەکرەوە نەنێردراوە کوردانی ئەوێ دروستیان کردووە.

من گەڕام لەوێ کوردم نەبینی، بەڵام لەگەڵ زۆرێکدا قسەم کردووە باسی بوونی کوردیان لەو ناوچەیە کردووە و ئێستەش نازناوی کوردی لەوێدا ماوە، بەڵام خەڵکەکە دەڵێن ئەرمەنین.

هەروەها لە دەوروبەری چیای (ئەلەگەزە)ش کورد ژیاون، لە دەوروبەری سنوری ئاوی ئاراس گوندی کوردان هەبوون لە ناوچەی (ئەرپەچەک)، لە بیرمە منداڵ بووم لەگەڵ باوکمدا دەچووینە ئەو ناوچانە هەموویان کوردی ئێزیدی بوون لەوانەش گوندەکانی (تەلک، حەکۆ، گەلتۆ، سابونچی، قزلا مارا،و..هتد) کە ئەمانە نزیکەی ١٨ گوند دەبوون.

لە دەوروبەری (ئەلەگەزێ) لەلای ڕۆژهەڵاتەوە لەوێش نزیکەی ١٦ گوند هەبوون کە کوردی ئێزیدی بوون لەوانەش (جەموشوانا مەزن، جەموشوانا بچووک، پاپا کوردا، ریبوغاس، جەرجەڕیس، قندەساز، میرەکا مەزن، میرەکا بچووک).

لە دەشتێ (گریداڤێ) لە نزیک شاری (هۆکتێم بیریانە)ش کورد هەبوون. دێمەوە سەر کوردەکانی ئەرمەنستان، حکوومەتی سۆڤییەت گەلێ شتی کرد، لە ٢٩/ئەپرڵ/١٩٢١ سۆڤییەت ئەرمەنستانی وەرگرت لە یەکێتی سۆڤییەتدا لەو کاتەدا وەزارەتی پەروەردە کتێبێکی ئەلفبای کوردی چاپکرد ناوی (شەمس) بوو، ئەم کتێبە برادەرێکی ئەرمەنی بەناوی (هەکۆپ غەزەلیان) ئامادەی کردبوو ئەم مرۆڤە خزمەتێکی باشی بە زمانی کوردی کرد، ساڵی ١٩٢٩ حکوومەتی ئەرمەنستان بڕیاریدابوو پیتی لاتینی دروست بکرێت بۆ کوردەکانی ئەرمەنستان لەو ساڵەدا پیتی نوێی لاتینی لەلایەن (مەراگۆلف ئیساهەک)ەوە ئامادەکرا کە خۆی ئاشووری بوو.

ساڵی ١٩٣٠ لە یەریڤان (کۆما کوردی پشت قافقاز) دامەزرا و لەوێدا قوتابخانەیەک هەبوو بۆ کوڕ و کچ و گەورە و بچووکان و کوردەکان لەوێدا دەیانخوێند و بابێ من سەرۆکی ئەو کۆمارە بوو.

لە ئەرمەنستان دیسان لەو ساتە وەختانەدا کتێبی ئەم نووسەرانە چاپ بوون (عەرەبی شەمۆ، ئەمینی عەڤداڵ، حەجی جندی، ئەحمەدێ میرازی، جاسمێ جەلیل، عەتارێ شەرۆ) پاش ئەوانیش نەوەیەکی تر پەیدابوون کە بریتی بوون لە (سەعید ئیبۆ، سمۆیێ شەمۆ، کاڕاپی چەچانی، فلیکی وسف،

توسنی ڕەشـــیـد) زیاتر و زیاتر بوون.

سـاڵی ١٩٥٥ ڕادیۆی کـوردی لە یەریڤان دەستی بەکارکردن کرد و بەمـجـۆرە کـاروانی ڕۆشنبـیـری کوردی لەوێ پێشکەوت.

دێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە لە ساڵی ١٩٩١ و پاش هەرەسی یەکـێـتی سـۆڤـیـیـەت هەمـوو ئەو شـتـانەش ڕووخـان و کـورد لەوێ زۆرێکیان ڕەویان کرد لەبەر سارد و سـڕی و نەبوونی کــارەبا و بژێـوی هەر مــاڵـبــات و هـۆز و تاقـمـێـک ڕووە و لایـەک سـەری خـــۆیان هەڵگـرت و وڵاتـیـــان جـێـهـێـشت و ئەوەش حـاڵی کوردەکانە لە ڕووسیا، ئەمڕۆ نە قـــوتـابخــــانەیان هەیە و نە ڕۆژنامە.

ئەوەی مــــاوەتـەوە ئەمــــڕۆ، کوردان لە ڕووسیا تاکە هیوایان پێ هەبێت هەرێمی کوردستانە و چاومـان لەوەیە ئەم وڵاتە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێش بخەن.

*** لە دەســتــووری ڕووســیــادا کورد دەناسرێت؟**

– نا وەک مـــیـللەت نایەنە ناسین، بەڵام وەک گـەلی ڕووسی دەزانـن کـــە کــــورد خـــاوەنی چ کەلتوور و ئەدەبێکی باڵایە و لەو ڕێـگـەیەوە باش دەزانـن کـــــورد چییە.

بەر لە ١٢٠٠ سـاڵ لە کـاتی دروســـــتـکردنی مـــــۆسکۆدا پێـکـهـــاتەیەک ئەو شــــارەیان دروستکردووە کە پێـمـان دەڵێن بونیادی ڕووسی، لە ناو ئەوانەدا هـــۆزێــک هــەبـــووە بـەنــاوی (وڕوسـۆڤێ) کـە ئەو نازناوە تا ئێـسـتا لە نێـو ئێـزیدییـەکاندا هەیە لە ئەرمـەنسـتــان، ئەمــە نیـــشـــــانەی نزیکی کـــورد و سۆڤییەتییەکانە.

*** ڕادیۆی یەریڤــان ئێــســتــا پەخشی کوردی ماوە؟**

– دەمـەوێت ئەوە بڵـێم سـاڵی ١٩٥٥ کـاتێک ڕادیۆی کـوردی لە یەریڤان بە بڕیارێکی فـەرمی کـرایەوە سـەرەتا هەفـتـەی ٣ڕۆژ بەرنامـەمـان هەبوو، هەر بەرنامـەیەک ١٥ خـولەک بوو، واتە هەفـتـەی ٤٥ دەقیقە.

پاشان بووە نیو کاتژمێر و لە کاتی سەردانی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەرمەنستان بەرنامە بوویە ١,٣٠ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا.

پاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەت بەرنامەکانیان کەمکردەوە بۆ (١) کـاتژمـێـر و ئەو سـەعـاتەشـیـان بەشکردووە لە نێـو یەزیدی و کـورداندا (وەک ئەوەی ئێـزیدی کـورد نەبن) بەڕاسـتی کـارێکی زۆر نـاخـۆشـە.. ئەوەش لەتکردنی کوردە، دەنا ئێـمە کوردین ئیدی ئاییـنمان هەرچییەک هەبێت ئەوە گرفت نییە.

سـەیر لەوەدایە هەردوو بەشـەکـە بەناوی (کـوردی و ئێـزیدییـەوە) کـاتێک مۆسیـقـای خۆیان لێدەدەن هەمـان ئـاواز و هەمـان هۆزانە بەڵام سەیرە چۆن قبوڵ کرا!!

بەشی بەناو کوردییەکەی زۆر لاوازە دەنا چۆن قبوڵ دەکات ئەو جۆرە لەتکردنە لە نێوان یەک نەتەوەدا لەسەر بنەمای ئایین دروست ببێت و ئەمەش تاوانەکەی لە ئەستۆی سەرۆکی بەشی کوردی ڕادیۆی یەریڤان بەڕێز (کەرەمێ سەیاد)دایە.



شەڕۆێ بلۆ شاملی بەکۆ مەمۆێ سەدۆ ١٩٣٦

کـاتێـک جاسمێ جەلیل ڕادیۆی کردەوە ئەو خۆی ئێزیدی بوو، بەڵام دەیگوت ئەمـە ڕادیۆی کوردانە، تەواوی دەنگبـێـژ (بێژەر)کـان ئێزیدی بوون بەڵام ئێزیدیایەتی ئایینە نەک نەتەوە ئێمە هەموومان کوردین.

*** کـوردەکـانی ڕووسـیـا چۆن ئاگـاداری کـوردسـتـانی ئازادن و چۆن دەڕواننە ئەوەی ئەمڕۆ بەدەست هاتووە؟**

– دەبێ بڵـێم ٩٩٪ کـوردی ڕووسـیـا لە ڕێـگەی سـەتەلایـتـەوە کە هەمـوویان هەیانە دڵـخۆشن بەوەی ئەمڕۆ لە کـوردسـتـاندا هەیە ڕۆژانە سەیری کەناڵە کوردییەکان دەکەن، ئەوان دەیانەوێت پارچەیەکی ئازادی وڵاتەکــەیان ببـــینن و بەوەش کـــوردایەتی ئەوان بەهێـــزتر دەبێت، سەتەلایتێک لە ڕووسـیا تەنـیا ٢٠٠ دۆلاری تێدەچێت کوردان هەمـوو کـــڕیویانە بۆ ئەوەی ئاگــــاداری ئازادی کـــوردســـــتـــانی باشـــوور و پێـشـڤـەچوونی کـوردان بکەن و بوونی کـوردان لەو پۆسـتـانەدا مـایەی سەربڵندی ئەوانە.

*** ئامانج لە سەردانی ئەمجارەتان بۆ کوردستان؟**

– بۆ بەشداریکردن لە فیسـتیـڤاڵی ڕۆشنبیری دهۆک داوەت کرابووم بەڕاستی کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیری زۆر مەزن بوو بەتایبەتی وتارەکەی کاک مسعود بارزانی بوو ئەو وتارە دەبێت خاڵ خاڵ و دێڕ دێڕ و وشە وشە لەسەری بوەستی و شرۆڤەی بکـەیت، ئەو لەو وتـارەدا دوێـنـێ و ئەمـڕۆی باسکرد و پێـشـبـینی ســــبــــەی دەکــــرد. هەر لەو فـیـسـتـیـڤـاڵەدا دەمـەوێت ناوی (حەسەن سلیڤانەیی) بهێنم کە کـەسێکی بەتوانا بوو نە بەتەنێ لە ڕووی زانیـــارییـــەوە بگرە لە ڕووی فـــیــزیکـیـــەوە چوست و چالاک بوو توانی ئەو میوانانە و یادەکە بە جوانترین شێوە بەڕێوە ببات.

*** پرسی زمان چۆن دەبینن؟**

– دەڵـێم با کـــاربکـەین تا بگـەینە ئامــانجــێـک، هەندێک باسی زمـانی یەکگرتوو دەکـەن، من پێم وایە جارێ زووە چونکە ئێـمـە هێـشـتـا نەکـەوتووینەتە سەر پێی خۆمان، کەی لەڕووی سیـاسی و دارایی و ڕووەکـانی ترەوە گرفتـمان نەما کـاتی ئەوە دێت بڕیار بدرێت بۆ زمــــانی یەکگرتوو. با جارێک ئێمە ئەو چەندین زاراوە گــرنگەی کــە هەمانە دەوڵەمەندیان بکەین لە بن زاراوەکــــانی خــــۆیان لە کـرمـانجـیــدا دەڵێن زاراڤـۆک هەنە، پێویسـتە بەو زاراڤۆکانە بادینی و سۆرانی و هەورامی و زازاکی خــۆمـــان دەوڵەمــەند بکەین دواتر زمانی یەکگرتوو.

بـۆ ئەوەی زمـــــــانـێـکـی ستـانداردمـان هەبێت دەبێت لە (ئەلفابا) وەدەست پێبکەین، لە باشووردا دوو ئەلفابا بەکاردێت، گـرووپێکی گـەورە بە ئەلفــابای عەرەبی و گرووپێکی بچووکیش بە لاتـینی، ئەوەباش نیــــیــــە، دەبێت ئێــمــە لەو دوو جــۆرەدا دیراســە بکـەین بزانین کــامــیــان زیاتر لەگـەڵ زمــان و فـۆنیـمی کـــوردیدا دەگــونجــێت ئەوەیان باشـتـرە کـە بەلای منەوە لاتـینی باشـتـرە چونکە ٢٠ ملیۆن کـورد لە تورکـیا ئەو جۆرە بەکـاردێنن، لە ئێـران و سـوریاش هەیە و لە ڕووی زانسـتـیـشـەوە لە ئەلفابای عــەرەبیـدا فــۆنەتیـکی کـوردی دەرناچێت. ■